

# چەکدارانی تورکیا، بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە ماڵ و موڵکی دانیشتوانی عەفرینیان تاڵان کردووە

KURDISTAN DIPLOMATIC


عەبدولحەمید دەروێش
سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشکەوتخوازی کورد لەسوریا

ئامادەکردنی: شاگوڵ


P.D.P.K.S

## پێویستە سوریا پێشنیازی فیدراڵییەت، خۆسەری، یان ئۆتۆنۆمی بکات بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سوریا

**سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سوریا (عەبدول حەمید دەروێش) لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (الوطن)ی سەر بە حکومەتی سوریا، باسی لە کۆمەڵێک پرس کرد، کە لە گۆڕەپانی کورد لە سوریا لە ئارادان. ئاماژەی بە زەرورەتی دانانی چەك كرد لە لایەن (PYD) و هاریکاری کردنی هێزەکانی سوریا لە جەزیرە و کوبانێ، چونکە تورکیا ڕەنگە پەلاماری ناوچەی تر بدات لە باکوری سوریا لەوانەش شاری حەلەب، لە هەمان کاتیشدا داوای لە سەرۆکی سوریا کرد کۆنگرەیەکی نیشتمانی ببەستێت و سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی سوریای تێدا کۆ بکاتەوە، هەروەها چارەسەرکردنی پرسی کورد و مەسەلەی دیموکراتییەت لە سوریا..**

دەروێش وثی: بارودۆخی ناوچەکانی جەزیرە و کوبانێ سەقامگیر و ئارامە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ثرسێکی زۆر هەیە لای خەڵکی جەزیرەش بە هەمان شێوەی عەفرینی بەسەر بێث، چونکە ئەردۆگان هەڕەشەی داگیرکردنی جەزیرە و کوبانێ دەکاث، هەروەها وثی: ئێمە زۆر نیگەرانیین هەڕەشەکان ببنە کرداری ڕاسثەقینە.....

دەروێش جەخثیشی لەوە کردەوە، کە دانیشثوانی عەفرین بەهۆی داگیرکاریی ثورکیاوە سەرجەم موڵک و ماڵ و سامانەکانیان لە دەسثداوە، هەر لە زەوی کشثوکاڵیی و خانوبەرە و کەرەسثەی هاثوچۆکردن، هیچ شثێکیان بۆ نەماوەثەوە و چەکدارەکانی سوپای ثورکیا ماڵ و موڵکی خەڵکیان ثاڵان کردووە بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە. هەروەها وثی: (ئەوان لە ژێر پەردەی سزادانی پارثی یەکێثی دیموکراثی، سزای کورد دەدەن).

دەروێش نیگەرانی و ثرسی خۆشی دەربڕی لەمەڕ چارەنووسی عەفرین و هەمان کارەساثی لیوای ئەسکەندەرونی بەسەر بێث، ئەو پێی وایە ثورکەکان لە باکووری حەلەب جێگیر کراون، ڕەنگە لەهەر ساثێکدا بێث پەلاماری ناوچەکانی نەبل و زەهرا و ثەل ڕەفعەث، ثەنانەث خودی حەلەبیش بدەن.

ئەمە لە کاثێکدا بەپێی سەرچاوەکان، ئەو هێزەی ئەمەریکییەی لە باکووری ڕۆژهەڵاثی سوریا جێگیر کراوە، وەک گرەنثییەک وایە بۆ هێزەکانی سوریای دیموکراثی (QSD)، دەروێش لەو بارەیەوە وثی: گەلی کورد ئەزمونێکی ثاڵی لەگەڵ ئەمەریکییەکان هەیە، ئەمڕۆش پشثیوانی لە (هێزەکانی سوریای دیموکراث ـــ QSD دەکەن لەپێناو بەرژەوەندی خۆیانە، کە بریثییە لە شەڕی دژی داعش و ئەجێنداکانی ثری هاوشێوەی داعش. دەروێش جەخثی لەوە کردەوە، کە (QSD) هیچ گرەنثیەکی نییە لە لای ئەمەریکییەکانەوە، مانەوە و پاشەکشەکردنی هێزەکانی ئەمەریکا ثەنیا بە بەرژەوەندی خودی ئەمەریکا بەسثەیە و هیچ حسابێک بۆ بەرژەوەندی گەلانی سوریا ناکاث، لەنێویشیدا کوردەکان.

لە بارەی ڕەثکردنەوەی، چونە ژوورەوەی سوپای سوریا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاثی (یەکیینەکانی پاراسثنی گەل (YPG)، دەروێش پێی وایە: هاوکاری کردن و هەماهەنگی کردن لە نێوان سوپای سوریا و یەکیینەکانی پاراسثنی گەل دەرچەیەک دەبێث بۆ پاراسثنی جەزیرە و کوبانێ، داواشی لە PYD کرد وەک هەر پارثێکی سیاسی ثری کوردی چالاکییەکانی ئەنجام بداث و چەک دابنێث.

دەروێش ڕەثیشی کردەوە، پارثەکەی بەشداری بکاث لە ئەزموونی (خۆ بەڕێوەبردن) کە PYD بانگەشەی بۆ دەکاث، بە پێی گوزراشثی ئەو، ئەزمونی یەک پارث نەک ئەزمونی پێکهاثەی جەماوەریی لە جەزیرە،



**عەبدولحەمید دەروێش، لە دەزگای ئایدیا**

جەختیشی لەوە کردەوە، کە پێویست بوو لە یەک تێگەیشتنێک لە نێوان هەموو هێزەکان لە جەزیرەن هەبێت و ئێمەش ڕەزامەند نیین بە هەژموونی یەک تاکە پارت.

دەروێش دەڵێت: داگیرکردنی عەفرین لە لایەن ئەردۆگانەوە، خەونی فیدراڵیەتی PYD ی لەباربرد. ڕوونیشی کردەوە کە پەیەدە لە بنەڕەتدا داوای فیدراڵیەتی قەومی ناکات، چونکە هاتنی سوپای تورکیا بۆ عەفرین شانۆی سیاسی لەو ناوچەیە شێواند و ئامانجی تورکیا (مەسەلەی کورد تێپەڕ دەکات و درێژ دەبێتەوە بۆ داگیرکردنی سوریا بە تەواوی)..

لە بارەی ڕوئیاشی بۆ پرسی کورد، دەروێش دەڵێت: پێویستە وڵات چارەسەرێک پێشنیاز بکات، چونکە هەیە پێشنیازی (فیدرالیەت) دەکات و هەیە پێشنیازی (خۆ بەڕێوەبردن) دەکات، هەشە پێشنیازی (ئۆتۆنۆمی) دەکات، بەڵام پێویستە وڵات روئیای خۆی پێشنیاز بکات بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سوریا، ئێمەش وەک حزب پشتیوانیمان لە لێدوانەکانی وەزیری دەرەوە (وەلید موعەلیم) کرد و بەیاننامەیەکیشمان دەرکرد و پێشوازیمان لەو لێدوانە کرد، بە کارێکی ئیجابیمان وەسف کرد، بەڵام ئەو لێدوانە کاری پێنەکراو نازانین بۆچی..!

موعەلیم لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی ئەیلولی ساڵی پار لێدوانێکی لەسەر پرسی کورد دا وتی: (ئەوان، شێوەیەک لە شێوەکانی خۆ بەڕێوەبردنیان دەوێت لە سوریا لە چوارچێوەی سنووری کۆمارییەت، ئەمەش قابیلی دیالۆگ و دانوستاندنە).

لە وەڵامی پرسیارێکیش سەبارەت بەوەی، ئایا کورد لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێشهاتە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیانە بە دەست بە تاڵی هاتۆتە دەرەوە، دەروێش وتی: (تا ئێستا بەڵێ، زۆر پێویستە داوا بکەین لە دەوڵەت چارەسەرێک بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە، ئەو کێشانەی بوونەتە سەرچاوەی نەهامەتی بۆ گەلانی سوریا، ئەو کێشانە بە پلە یەک بریتین لە بەرهەڵستی تیرۆر و توندڕەوی ئیسلامی، ئەمانە بۆ من کاری پێشینەن و دوای ئەویش چارەسەرکردنی پرسی کورد، پاشان مەسەلەی دیموکراسی لە سوریا. چونکە ئەو مەسەلانە وا لە گەلی سوریا دەکات یەکگرتوو تر و بەهێزتر بێت، ئەمەش تەنیا بە بانگەشەکردن بۆ کۆنگرەیەکی نیشتمانی سەرتاسەر دەکرێت، کە لە لایەن بەشار ئەسەدەوە بانگەوازی بۆ بکرێت. لەو کۆنگرەیە پێویستە سەرجەم پێکهاتەکانی سوریا کۆ بکرێنەوە و کێشەکان بخرێنە بەر باس لێکۆڵینەوە، پێش

ئەویش بڕیارێک بدرێت لە لایەن سەرۆکەوە بە لێبوردنی ئەوانەی دژی حکومەت بوون لە دەرەوە و هاتنیان بۆ دیمەشق و بەشداری کردن.

بە بۆچونی دەروێش: بەستنی کۆنگرەی نیشتمانی سنورێک بۆ دەست تێوەردانەکانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دادەنێت سەبارەت بە سوریا، ئەمەش وا دەکات بوار برەخسێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەری نیشتمانی بۆ قەیرانەکەی سوریا. هەروەها ئەوەی ئاشکرا کرد کە (برایان لە ناو دەستەی کاری نیشتمانی دیموکراتی) ئۆپۆزسیۆن خۆیان ئامادە دەکەن بۆ پرۆژەی کۆنگرەی نیشتمانی، منیش پێم وایە کارێکی باش دەکەن.

دەرویش لەگەڵ هەندێک هێزی ئۆپۆزسیۆن لە ناوەوە ڕێککەوتن لەسەر (ئامادەکردنی نوێنەر لە ئۆپۆزسیۆنی ناوەوە بۆ سەردانیکردنی جەزیرە، بە مەبەستی دیالۆگ و گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردی) بۆ جەخت کردنەوە لەسەر بژاردەی نیشتمانی و دانانی دامەزراوەی سوپا بە تاکە گرەنتی یەکگرتن و پاراستنی سەروەری وڵات).

لە بارەی ئەو پێشنیازە دەروێش وتی: ئێمە پێشوازیان لێدەکەین بۆ جەزیرە و کارکردن لە پێناو یەکگرتنی گەلانی سوریا بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها پێویستە لەگەڵ لە (بەیدا)ش لەگەڵ برایان و پارتەکانی تری کوردی یەکتر ببینین، چونکە ئەو پێشنیازە ڕەنگە ببێتە هۆی ڕزگارکردنی جەزیرە و کوبانێ لە هەر دەستتێوەردانێکی تورکیا.

دید و بۆچونی دەروێش سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆنیش: (لە ڕێگەی ڕاستیان لادا کاتێک چەکیان هەڵگرت).. هەروەها وتی: (ئێمە وەک هاووڵاتیانی سوریایی هەموو مافێکمان هەیە داوای مافمان بکەین): من پێشتریش لە جنێف هۆشداریم دا، ئەگەر هاتوو وەکو هێزێکی یەکگرتوو ڕێکنەکەوین، سوریا دەکەوێت، هەر ئەمەش ڕوویدا.

ئەو پێیوایە (ئیئتلاف)ی ئۆپۆزسیۆن ئەمڕۆ پەرتەوازە بوە و وڵاتانی تری وەک سعودیە و قەتەر و تورکیا کۆنترۆڵیان کردوون.

لەدوا وتەشیدا دەروێش وتی: ئومێدی ئاشتی و تەبایی بۆ سوریا دەخوازم، دوور لە توندڕەوی ئیسلامی، چونکە توندڕەوی ئایینی قەومی و مەزهەبی، بە پراکتیزەیی واتە تێکدانی وڵاتانی جیهان و لەوانەش سوریا.. هەروەها ئومێدەوارم وڵاتانی جیهان و دەوربەریشمان بە تایبەتی، یارمەتیدەر بن لەو چارەسەرانە و ڕێگر نەبن لە بەردەم هەر پێشنیازێک کە پارتەکەی و هەندێک هێزی تر دەیکەن، لە پێناو یەکگرتنەوەی سوریا و سەقامگیرکردنی بارودۆخی وڵات و ئاسایی کردنەوەی ژیانی هاووڵاتیان بە کورد و عەرەب و هەموو پێکهاتەکانەوە...



**پرۆفایل**

## عەبدولحەمید دەروێش

**- ساڵی (1936) لە گوندی (قەرمانیە)ی سەر بە بە ناحیەی (دەرباسیە) لە پارێزگای حەسەکە لە دایکبوە.**
**- ساڵی (1955) لەگەڵ (عوسمان سەبری، محەمەد ساڵح دەروێش، حەمزە نوێران و کۆمەڵێکی دیکە) کۆمەڵەیەکی فەرهەنگییان دامەزراند.**
**- ساڵی (1956) لەگەڵ عوسمان سەبری و حەمزە نوێراندا یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کوردییان دامەزراند بە ناوی (پارتی کوردە دیموکراتخوازەکان). پاشان بە هاریکاریی (د. نورەدین زازا و جەلال تاڵەبانی و عەبدوڵڵا ئیسحاقی) دەستیانکرد بە نووسینەوەی پرۆگرامەکان بە زمانی کوردی، کە ئەوکات تاڵەبانی لە دیمەشق بوو.**
**- ساڵی (1957) ناوی پارتەکەیان گۆڕی بۆ (پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا).**
**- بە هۆی کاری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە چەندین جار ڕوویکردۆتە کوردستانی عێراق.**
**- ساڵانێکیش وەك سەرنووسەری گۆڤاری (کادر) کاریکردوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغداد دەریدەکرد.**
**- لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی ڕاگەیەندراوی ئۆپۆزسیۆنی دیمەشق بوە ساڵی 2005.**
**- لە دوای شۆڕشی سوریاش لە ساڵی 2011 ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوە لە یەکخستنی ڕیزەکانی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان.**
**-ئێستاش سکرتێری پارتی پێشکەوتنخوازی کوردە لە سوریا.**